**کورتە وەڵام /10 بۆ ئەو دەنگەی وتویتی سەربەخۆییمان دواخست!**

**کامیل ژیر**

**ئەشێ سەرگروشتەکە، روداوێکی راستبێ. بەڵام هەریەکەو بەجۆرێک ئەیگێڕێتەوە. ئەزیز نەسین، بە شێوازی خۆی کردوێتی بەچیرۆک. لە سوریا کراوە بە کورتە فلیمێک. منیش بەشێوازی خۆم ئەیگێڕمەوە و ئەڵێم :**

**دوای راپەڕین، یا راستتر، دوای شەڕی کوێت، بازەگە لەسەر هەندێ ناوچەی باشوری کوردستان نیشتەوە. بەڵام نەمانزانی تاجی سەربەخۆیی لەسەرکەین!. وتمان باچاوەڕوانکەین بزانین چیئەبێ!؟ وەک .!چاوەڕوانییەکەی گوڵبەهار.**

**دوای روخانی رژێمی بەئس، ئەمانتوانی سەربەخۆیی رابگەیەنین، یا هیچ نەبێ ئەمانتوانی ناوچە رزگارنەکراوەکان بخەینەوە سەر هەرێم، نەمانکرد و وتمان با چاوەڕوانکەین بزانین چیئەبێ!؟ تا ئێستاش هەر .لەچاوەڕوانیداین وەک چاوەڕوانییەکەی گوڵبەرهار!؟**

**هەر لەدوای راگرتنی شەڕە نەگریسەکەی ناوخۆمان، ئەمانتوانی دو ئیدارەکە یەکخەینەوە. نەمانکردو تا ئێستا .چاوەڕوانین بزانین چیئەبێ!؟ وەک چاوەڕوانییەکەی گوڵبەرهار**
**بە سودوەرگرتن لە شەڕی ناوخۆو چاوبڕینە بەشێک لە بوجەی تالانکراوی هەرێم، پیاوانی ئاینیش خۆیان هاویشتە زەلکاوی هیزبایەتییەوە!.. ئێستا لە مەغریب سیاسەت و هیزبایەتی لەپیاوانی ئاینی قەدەغەکراوە، کەچی دەسەڵاتی هەرێم، لەئاستی ریشپانە سمێڵتاشراوەکاندا، هەر لەچاوەڕوانیدایە بزانێ چیئەبێ! وەک .چاوەروانییەکەی گوڵبەهار**
**لە 2009وە (گۆڕان)ی موتوربەکراو بە سەرانی شەڕی ناوخۆ و بەجۆرێک لە شەتڵی ئاینی، هاتە ئاراوەو وتیان کە چوینە پەرلەمان ئەیگۆڕین. چون و نەیانگۆڕی. وتیان کە چوینە دەسەلات، چون و هەر نەیانگۆڕی. ئێستا ئەوانیش دەستوستان لەچاوەڕوانیدان وەک چاوەڕوانیەکەی گوڵبەهار!.**

**بەغدای پایتەخت و شارە شیئەنشینەکان، هیچکام لە ئاوارەکانی شەڕی دائشیان نەگرتەخۆیان. ئێمە باوەشمان بۆکردنەوەو ئەوانیش وەک سوپاس و پێزانینیان بۆئەو کارە مرۆڤانەیەمان، بەرەبەیانی21/ 2016/10 کەرکوکیان کردە خەڵتانی خوێن! کەچی هەر دەریاناکەین و چاوەڕوانین بزانین چیئەبێ وەک چاوەڕوانییەکەی گوڵبەهار.**
**لە 2016دا دەنگۆی راگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەوەندە گەرمبو، کوردە ئێراکچییەکان خەمیانلێهات و وایانزانی گەمەکە راستە! بەپەلە لە بەغداوە موچەو بوجەیان لە هەرێم بڕی بۆئەوەی برسێتی، سەربەخۆیی لەبیربەرێتەوە. شەمەندەفەری سەربەخۆییەکەش، رویکردە بەغدا، تا، گوایە بەمژدەی سەربەخۆییەوە**

بگەڕێتەوە!! لەپڕ ئیستۆپێکی گرت و دای بەبەگ و رویکردە موسڵی کوردستان، تا بەخوێنی پێشمەرگەی قارەمان، بیبەخشێتەوە بە ئیراکی ئەنفال و کیمیاباران! دەنگێکیش لەهەولێرەوە بەرزبووەوە وتی: سەربەخۆییەکەمان دواخست! وەک بڵێ جارێ چاوەڕوانەبین تابزانین شەڕەکەی موسڵ ئەبێ بەچی!؟ لەکاتێکدا ئەمانتوانی بەمەرجی سەربەخۆیی بەشداریی لەو شەڕەدا بکەین، کەچی بەبێ مەرج خۆمان هاویشتە ئەو ئاگرەوەو ئێستا چاوەڕوانین وەک چاوەڕوانییەکەی گوڵبەهار!.

گوڵبەرهار بۆ خۆی گوڵبەهاربو! لەجوانیدا بێ وێنە.. بەڵام لە ساویلکەیەتیدا وەک ئێمە!! کەچی مێردەکەی دڵی بەو ساویلکەیەتییەی خۆشبو! ئەیوت بۆ منی پیرەمێرد. دوای سێ ژن، ئەم ژنی چوارەمی تەمەن چواردەیە، ساویلکەبێ باشترە وەک لەوەی وریا و چاوکراوەبێ. لەو باوەڕەشدابو کەبەو هەمو زێڕەی بۆیکردوە، نمەکگیری ئەکات و گزیی لێناکات ! کەچوش بۆ حەج، کلیلی کاسەکەیدا بە گوڵبەهارو وتی خۆت سەرپشکبە لە خەرجیدا، بەڵام کە حاجی لەحەج گەڕایەوە، روانی گوڵبەهار بۆتە بنەدارێکی گەڵاوەربو! پرسیی گوڵەخان ئەوە چی رویداوە!؟ گوڵە وتی: ئێوارەیەک چوم بۆ سینەما، لەڕێگا لاوێک کەوتە دوم. قسەم نەکرد، وتم بزانم چیئەبێ؟ هاتە تەنیشتم و بۆم پێکەنی. وتم با چاوەڕێکەم بزانم چیئەبێ. لەسینەماکە هاتە تەنیشتمەوە و جارجار دەستی بۆ درێژ ئەکردم، وتم با چاوەڕێکەم بزانم چیئەبێ. لەگەڕانەوەدا ئەویش هاتە ماڵەوە، وتم بابزانم چیئەبێ؟ کەچومە ژێر جێگا، ئەویش لەگەڵما هاتە ژێر جێگا. هەر وتم با چاوەڕێکەم بزانم چیئەبێ؟ دوایی دەستی کرد بەو شتەی کەتۆ لەگەڵما ئەتکرد، بەڵام ئەو لەجیاتی جارێک، کردی بە دەجار. دیسان وتم با چاوەڕێکەم بزانم چیئەبێ؟ کە بەیانی لەخەو هەستام، روانیم کوڕە نەماوەو هەمو زێڕەکانی بردوم و هیچیشی لە کاسەکەدا نەهێشتوە!.

ئێستا، سەرەڕای نەبونی سەربەخۆیی، لەو رێگەی موسڵە خوێنمان لێئەچۆڕێ و لەکەرکوکیش یەکەم باجی ئەو شەڕی موسڵە ئەدەین و کاسەکەی ئێمەش وەک کاسەکەی گوڵبەهار، هیچی تیانەماوەو زێڕی رەش و داهاتی 25 ساڵیشمان، پشەکان خواردویانە وەک پشەکەی گوڵبەهار! دیارە تا پشەکانیش بمێنن، هەر بەبڕیاری هەڵەو هەر بەبرسێتی و کۆیلەیەتی و ژێردەستەیەتی چاوەڕوانەبین، وەک چاوەڕوانییەکەی گوڵبەهار!.